# خوای گەورە بەپەرۆش بوونت زیاد بکات بەڵام دووبارەی مەکەرەوە

لە حەسەنەوە دەڵێت: ئەبا بەکرە هات وپێغەمبەری خودا لە ڕکوع بردندا بوو، (ئەبا بەکرە) ڕکوعی برد پێش ئەوەی بچێتە نێو ڕیزەکەوە پاشان چووە نێو ڕیزەکەوە، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژەکەی تەواو کرد، فەرمووی: «کێ بوو ڕکوعی برد پێش ئەوەی بچێتە نێو ڕیزەکەوە پاشان چووە نێو ڕیزەکەوە؟»، ئەبو بەکرە ووتی: من، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خوای گەورە بەپەرۆش بوونت زیاد بکات بەڵام دووبارەی مەکەرەوە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە]

ئەبا بەکرە هاتە نێو مزگەوتەوە وبینی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی لە حاڵەتی ڕکوع بردندا بوون، ئەویش (ئەبا بەکرە) ڕاستەوخۆ ڕکوعی برد پێش ئەوەی بچێتە نێو ڕیزەکەوە بۆئەوەی بگات بە ئەو ڕکاتە، پاشان لەسەر حاڵەتی ڕکوع بردنەوە چووە نێو ڕیزەکەوە لەگەڵ نوێژخوێنەکان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستی بە جوڵەیەک کرد لە ڕیزەکاندا، کەسێک بەپەلە هات ورکوع برد پێش ئەوەی بێتە نێو ڕیزەکانەوە، بەڵکو لە تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بوو لە کاتی نوێژدا پشتی خۆی دەبینی هەروەکو چۆن پێشی خۆی دەبینێت، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژەکەی تەواو کرد، پرسیاری کرد: کێ بوو ڕکوعی برد پێش ئەوەی بێتە نێو ڕیزەکەوە پاشان هاتە نێو ڕیزەکەوە؟، ئەبو بەکرە ووتی: (من): واتا من ئەوەم ئەنجامدا ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: خوای گەورە بەپەرۆش بوونت زیاد بکات لەسەر ئەنجامدانی خێر وچاکە و پەلەکردن بۆ ئەنجامدانیان، بەڵام پەلە مەکە بۆ ئەوەی بگەیت بە ڕکاتەکە و پێش ئەوەی بچیتە نێو ڕیزەکەوە ڕکوع مەبە؛ چونکە پەلە کردن پێچەوانەی هێوری ولەسەرخۆیی وسەکینەتە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لا صلاة لمنفرد خلف الصَّف) واتە: (نوێژکردنی کەسێک دروست نییە کە بە تەنها نوێژ بکات لە پشتی ڕیزەکانەوە)، وکردەوەکەی ئەبی بەکرە ئەم فەرموودەیە نایگرێتەوە چونکە تەنها بەشێکی کەمی نوێژەکەی بە تەنها ئەنجامدا پاشان چووە نێو ڕیزەکەوە، هەروەکو کەسێک بە تەنها ڕکوع ببات پاشان بگات بە کەسێکی تر وریزی لەگەڵدا ببەستێت لە حاڵەتی ڕکوع برندا، بەهەرحاڵ کردەوەکەی ئەبی بەکرە ڕێگەپێدراو نییە ونابێت مسوڵمان ئەنجامی بدات چونکە -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: (دووبارەی مەکەرەوە).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11302